# چەند ئامارێکی تایبەت بە یارییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپای ٢٠١٢

دوای ئـــەوەی هەفتـــەی ڕابردوو لەهەردوو وڵاتـــی پۆڵەندا و ئۆکرانیا یارییەکانـــی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا تەواو بوو و هەڵبژاردەی ئیســـپانیا توانی پارێـــزگاری لەنازناوی پاڵەوانێتیەکە بـــکات دوای ئەوەی لەیاری کۆتایی بەئەنجامی (٤-سفر) گۆڵ لەهەڵبژاردەی ئیتاڵیای بردەوە، ئەمەش چەند ئامارێکی تایبەت بەپاڵەوانێتیەکەیە.

## ڕیزبەندی کۆتایی هەڵبژاردەکان

دوای تەواوبوونـــی یارییەکانـــی ئـــەم پاڵەوانێتیە ڕیزبەنـــدی کۆتایی پاڵەوانێتیەکە بەمشێوەیە.

١-ئیســـپانیا، ٢- ئیتاڵیـــا، ٣- پورتوگال، ٤- ئەڵمانیـــا، ٥-ئینگلتەرە، ٦-چیك، ٧-فەرەنســـا، ٨- یۆنان، ٩- ڕووسیا، ١٠-کرواتیا، ١١- ئۆکرانیا، ١٢- ســـوید، ١٣- دانیمارك، ١٤- پۆڵەنـــدە، ١٥- هۆڵەندە، ١٦- کۆماری ئێرلەندە.

لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا زۆرترین بردنەوەی بەدەستهێناوە ئەویش لە٤ یاری سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و بەمشێوەیە.

١-هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (٤ سەرکەوتن لە٥ یاری)
٢- هەڵبژاردەی ئیسپانیا (٤ سەرکەوتن لە٦ یاری)
٣- هەڵبژاردەی پورتوگال (٣ سەرکەوتن لە٥ یاری).

و هەڵبـــژاردەی ئیتاڵیـــا لەزۆرترین یاری تووشـــی یەکســـانبوون بووە و بەمشێوەیە.

١-هەڵبژاردەی ئیتاڵیا (٣) یاری یەکسانبوون.
٢- هەڵبژاردەی پۆڵەندە (٢ یەکسانبوون لە٣ یاری)
٣- هەڵبژاردەی ئینگلتەرە (٢ یەکسانبوون لە٤ یاری).

هەردوو هەڵبژاردەی هۆڵەندە و کۆماری ئێرلەندە تووشـــی زۆرترین دۆڕان هاتوون لەم پاڵەوانێتیە دوای ئەوەی لەسێ یاری تووشی دۆڕان هاتن.

لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی ئیسپانیا خاوەن زۆرترین ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنە کاتێك توانی ١٢ گۆڵ تۆمار بکات و بەمشێوەیە.

١-هەڵبژاردەی ئیسپانیا (١٢ گۆڵ لەشەش یاری)
٢-هەڵبژاردەی ئەڵمانیا (١٠ گۆڵ لەپێنج یاری )
٣- هەڵبژاردەی ئیتاڵیا (٦ گۆڵ لەشەش یاری)
٣- هەڵبژاردەی پورتوگال (٦ گۆڵ لەپێنج یاری ).

هەڵبژاردەی ئیســـپانیا خاوەن بەهێزترین هێڵی بەرگرییە کاتێك تەنیا یەك گۆڵـــی لێ تۆمار کرا ئەویش بەرانبەر هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بوو، ڕیزبەندەکە بەمشێوەیە.

١-هەڵبژاردەی ئیسپانیا (١ گۆڵی لێ تۆمار کراوە لەشەش یاری).
٢-هەڵبژاردەی ئینگلتەرە(٣ گۆڵی لێ تۆمار کراوە لەچوار یاری).
٣- هەڵبژاردەی پورتوگاڵ (٤ گۆڵی لێ تۆمارکراوە لە٥ یاری).

هەڵبـــژاردەی کۆماری ئێرلەندە خاوەن لاوازترین هێڵی هێرشـــبەرە کاتێك لەسێ یاری تەنیا یەك گۆڵی تۆمار کردووە، بەمشێوەیە.

١-هەڵبژاردەی کۆماری ئیرلەندە (١ گۆڵی تۆمارکردووە لە٣ یاری).
٢-هەڵبژاردەی هۆڵەندە (٢ گۆڵی تۆمارکردووە لە٣ یاری).
٣- هەڵبژاردەی پۆڵەندە (٢ گۆڵی تۆمارکردووە لە٣ یاری).

لەم پاڵەوانێتیە هەڵبژاردەی کۆماری ئێرلەندە خاوەن لاوازترین هێڵی بەرگرییە لەم پاڵەوانێتیە لەسێ یاری ٩ گۆڵی لێ تۆمارکراوە، بەمشێوەیە.

١-هەڵبـــژاردەی کۆمـــاری ئێرلەنـــدە ( ٩ گۆڵی لـــێ تۆمارکراوە لە٣ یاری).
٢-هەڵبژاردەی یۆنان (٧ گۆڵی لێ تۆمارکراوە لە٤ یاری ).
٣- هەڵبژاردەی ئیتاڵیا (٦ گۆڵی لێ تۆمارکراوە لە٥ یاری).

جێگـــەی باســـە یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا فرنانـــدۆ تۆریس بووە گۆڵـــکاری پاڵەوانێتیەکـــە بەتۆمارکردنـــی ٣ گۆڵ و یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا ئەندریاس ئەنێســـتا بووە باشـــترین یاریزانـــی پاڵەوانێتیەکـــە و گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیکـــر کاســـیاس بـــووە باشـــترین گۆڵچـــی پاڵەوانێتیەکە.







ژمارە (٨٨٧) ■ ٢٠١٢/٧/٩

## ڕێبوار محی الدین جەباری:

# کێشەی ئێمە بێ بەرنامەیی وەزارەت و لیژنەی ئۆڵۆمپییە

■ لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٠ی شاری هەولێرە، یەکێکە لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی شاری هەولێر چەندین یاریزانی بەتوانای بۆ یانەکانی شاری هەولێر پێگەیاندووە و ڕاهێنەری هەریەك لە یانەکانی هەولێر و قەڵای تورکمان و ئاڵا بووە، دەرچووی کولێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی سەڵاحەدینە و خاوەنی چەندین بڕوانامەی ڕاهێنەرایەتیە لەسەر ئاستی عێراق، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■

***ئاستی وەرزشی یاری گۆڕەپان و مەیدان بەگشتی چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لە کوردستان بە گشتی باشە، بەڵام لە ئاستی شاری هەولێر لاوازە.

*** بە بۆچوونی تۆ ئاستی ئەم یارییە بۆچی وەکو پێویست نییە لە شارەکانی کوردستان؟**

- تا بەرپرسانی وەرزشی وا بزانن بەس تۆپی پێ وەرزشە یارییەکانی دیکە وەرزش نییە، ئەوا هەروا دەمێنێنەوە دەبێت سیستەمی پاداشت ئەکتیڤ تر بکرێت بۆ ڕاهێنەر و یاریزان.

*** ئەم یارییە لە شاری هەولێر لە ئاستی زۆر باش دانییە، بۆنموونە لەڕووی یاریزانانی کچ یاریزانی یەکجار کەمە چەند یانەیەك پەنا دەبەنە بەر یاریزانانی شارەکانی تر، هۆکاری چییە؟**

-- دوو یانە تیپی گۆڕەپان و مەیدانی هەیە، یانەی هەولێر و یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەویش بەس ئاستی کچان یانەکانی دیکەش ئازادن لەوەی کە ئەو یارییە دروست بکەن وەزارەتیش هەقی لەسەر ئەو شتانە نییە تەنیا پارە بۆ یانەکان سەرف دەکات و بەس لێپێچینەوە نییە.

***بۆدەست نیشانکردنی یاریزانی ئێوە بە چ پێوەرێك یاریزان دەست نیشان دەکەن؟**

- کۆمەڵێك پێوەری وەرزشی تایبەت بە یاری گۆڕەپان و مەیدان ڕەچاو دەکەین.

*** کێشەو گرفتەکانی گۆڕەپان و مەیدان لە چی ڕەنگ دەداتەوە؟**

- کەمتەر خەمی وەزارەت و لیژنەی ئۆلۆمپی کە بەرنامەیان نییە.

*** جەنابت بەوە ناسراوی یانەکانی خۆت زوو زوو دەگۆڕی هۆکاری چیە؟**

- بۆ گۆڕینی یانەکان، ڕاهێنەر ئازادە لە کام یانە کاری خۆی دەکات، گۆڕینەکەش لەسەر خزمەتکردنی ئەو یانەیە ڕادەوەستێ تا چەند گرنگی بەو یانەیە دەدات.

*** ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراقی، ئاستی وەرزش لە کوردستان باشترە یاخود لە شارەکانی تری عێراق؟**

- لە هەندێك یاری ئێمە باشترین لە هەندێکیش ئەوان، ئەویش بەهۆی کەش و هەوا و ژینگە ڕۆڵی خۆی بینیوە.

*** بڕیارت نەداوە لەم ماوەیە یانەی هەولێر بەجێبهێڵی، یاخود هیچ یانەیەك پێوەندی پێوە نەکردی بۆ مەشقدانەوە؟**

- بەڵێ یانەی تر پێوەندیان پێوە کردووە بە ئیمکانیەتێکی زۆر باشیش، بەڵام هەولێریش هەولێرە.

*** ساڵانە چەند پاڵەوانێتییەك دەکرێتەوە بۆیانەکان کە ناگاتە ٦پاڵەوانتی ئایا ئەم ڕێژەیە کەم نییە بۆ یاریزانان؟**

- کاکە پارە نییە واز بێنە بەش ناکات، ئەوە حاڵی ئێمەیە بۆیە پێش ناکەوین.

*** وەکو ڕاهێنەرێك بەرنامەت چیە بۆ یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

- بەرنامەمان زۆرە، بەڵام ناکریت.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ ئێوە کە زۆر جار دیوە شارەوەکان دەخەنە ڕوو.



دیمانە: کارزان کانەبی





# یۆرۆی ٢٠١٢ کۆتایی هات.. هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەسکەوتێکی مێژوویی تۆمارکرد

*** ئیسپانیا هەڵبژاردەی ئیتاڵیای گۆڵبارانکرد**

هەڵبژاردەی ئیسپانیا دەسکەوتێکی مێژوویی تۆمارکرد کاتێك توانی بۆ جاری سێیەم لەمێژوودا و بۆ جاری دووەم لەسەر یەك نازناوی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا (یۆرۆی ٢٠١٢) لەهەردوو وڵاتی پۆڵەندا و ئۆکرانیا، لەیاری کۆتایی و لەیاریگای ئۆڵۆمپی لەشاری کییڤ پایتەختی ئۆکرانیا و بەئامادەبوونی زیاتر لە٦٧ هەزار کەس و بە ڕابەرایەتی ناوابژیوانی پورتوگالی پیدرۆ پرۆنیچا دی ئۆلیڤێرا، هەڵبژاردەی ئیسپانیا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد و بەچوار گۆڵی بێ وەڵام لەهەڵبژاردەی ئیتاڵیای بردەوە، گۆڵەکانی ئیسپانیا یاریزانان دێڤید سیلڤا و خۆردی ئەلبا و فیرناندۆ تۆریس و خوان ماتا لەخولەکەکانی ١٤ و ٤١ و ٨٤ و ٨٨ دا تۆماریان کرد، لەکۆتایی یارییەکە ئیکەر کاسیاس کاپتنی ئیسپانیا جامی یۆرۆی لەمیشێل پلاتینی سەرۆکی یویفا وەرگرت و بەرزیکردەوە.

*** دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ هەڵبژادەی لارۆخا و ڕاهێنەرەکەی**

هەڵبژاردەی ئیسپانیا بووە یەکەم هەڵبژاردە لەمێژوو سێ پاڵەوانیەتی گەورە لەسەر یەك بەدەست دەهێنێت، ئیسپانیا لەساڵی ٢٠٠٨ جامی نەتەوەکانی ئەوروپای لەهەردوو وڵاتی سویسرا و نەمسا بەدەست هێنا و لەیاری کۆتایی لەهەڵبژادەی ئەڵمانیای بردەوە، لەساڵی ٢٠١٠ ئیسپانیا بۆ یەکەمجار لەمێژوویدا نازناوی مۆندیالی باشووری ئەفریقیای بەدەست هێنا و لەیاری کۆتایی لەهەڵبژاردەی هۆڵەندای بردەوە، ئەمجارەشیان لەیۆرۆی ٢٠١٢ جامەکەی بەرز کردەوە و دەسکەوتێکی مێژوویی تۆمارکرد، لەلایەکی دیکەوە ڕاهێنەری ئیسپانیا ڤیسینتی دیل بۆسکی بووە دووەم ڕاهێنەر لەمێژوو کە هەردوو نازناوی یۆرۆ و مۆندیال کۆدەکاتەوە لەدوای ڕاهێنەری ئەڵمانی هیلمۆت شۆن کە یۆرۆی ١٩٧٢ و مۆندیالی ١٩٧٤ی بەدەست هێنا.

*** ئەنێستا باشترین یاریزانی یۆرۆی ٢٠١٢**

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئەندرێس ئەنێستا خەڵاتی باشترین یاریزانی لەیارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ وەرگرت دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی لەگەڵ هەڵبژاردەی لارۆخا پێشکەشکرد، ئەنێستا بەدرێژایی یارییەکانی یۆرۆ ئاستێکی جێگیری پێشکەشکرد و لەهەموو یارییەکاندا توانایەکی باشی نواند جگە لەوەش سێ جار خەڵاتی باشترین



یاریزانی لەیارییەکانـــدا وەرگرت دووجار بەرامبەر ئیتاڵیا کە یەکێکیان یـــاری کۆتایی بوو هەروەها لەبەرامبەر هەڵبژاردەی کرواتیا، ئەنێســـتا لەلایەن لیژنەیەکی ١١ کەسی دەست نیشانکرا و بەپێش هەردوو یاریزان ئەندریا پیرلۆ لەئیتاڵیا و هاوڕێکەی زاڤی هێرناندیز کەوت.

*** تۆریس لاپچینی زێڕینی وەك باشترین گۆڵکەر وەرگرت**

یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا فیرناندۆ تۆریس خەڵاتی گۆڵکەری یۆرۆی ٢٠١٢ی وەرگـــرت دوای ئەوەی توانی ٣ گۆڵ تۆمار بکات و گۆڵێکی دروســـت کرد لە١٨٩ خولەکدا کە بەشـــداری لەیارییەکان کردووە، ماریۆ گۆمێز لەپلەی دووەم هات بەهەمان ژمارە، بەڵام لە٢٨٢ خولـــەك، هەروەها چەند یاریزانێك خاوەن ٣ گۆڵ بوون کە بریتین بەپێی ڕیزبەندی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا ئالان زاگۆییێف لەڕوسیا و ماریۆ ماندزۆکیچ لەکرواتیا و ماریۆ بالۆتیللی لەئیتاڵیا و کریستیانۆ ڕۆنالدۆ لەپورتوگال، هەروەها تۆریـــس بووە یەکەم یاریزان لەمێژوو لەدوو یاری کۆتایی یۆرۆ لەسەریەك گۆڵ تۆمار دەکات.

*** ٧٦ گۆڵ لە٣١ یاریدا تۆمارکرا**

لەیارییەکانـــی یۆرۆی ٢٠١٢ دا ڕێژەیەکـــی باش گۆڵ تۆمارکرا و لەکـــۆی ٣١ یارییدا تەنیا لەدوو یاریدا گـــۆڵ تۆمار نەکرا، لەهەردوو یاری ئیتاڵیا لەگەڵ ئینگلتەرا لەقۆناغی هەشـــتەم و یاری ئیسپانیا لەگەڵ پورتـــوگال لەقۆناغی پێش کۆتایی کە هەردوو یاری بەلێدانی یەکلاکەرەوە کۆتایی هات، لە٣١ یارییدا ٧٦ گۆڵ تۆمارکراوە بەڕێژەی ٢,٤٥ گـــۆڵ لەهەر یارییەکدا و ئەنجامی یـــاری کۆتایی گەورەترین ســـەرکەوتنە کە لەیارییەکی کۆتایی سەرجەم یۆرۆکان تۆمار دەکرێت، گەورەترین ســـەرکەوتن (٤*٠) لەدوو یاری، ئیسپانیا بەرامبەر ئێرلەندا و ئیسپانیا بەرامبەر ئیتاڵیا.

*** ئیسپانیا لەخەڵاتە دارییەکانیش یەکەم بوو**

لەیـــۆرۆی ٢٠١٢ یەکێتـــی تۆپی پێی ئەوروپا بـــڕی ١٩٦ ملیۆن یۆرۆ وەك خەڵات بەســـەر هەڵبژاردە بەشـــداربووەکان دابەشکرد بەپێی ئەنجامەکانیان، هـــەر هەڵبژاردەیەك تەنیا بە بەشـــداریکردن ٨ ملیۆن یـــۆرۆی وەرگرت، بەرامبەر هەر بردنەوەیـــەك یەك ملیۆن یۆرۆ و هەر یەکســـانبوونێك ٥٠٠ هەزار یۆرۆ، خەڵاتی ســـەرجەم هەڵبژادەکان بەم شێوەیە بوو:

ئیســـپانیا ٢٣ ملیۆن یۆرۆ – ئیتاڵیا ١٩,٥ ملیۆن یۆرۆ – ئەڵمانیا ١٦ ملیـــۆن یۆرۆ – پورتوگال ١٥ ملیـــۆن یۆرۆ – ئینگلتەرا ١٢,٥ ملیۆن یۆرۆ – کۆماری چیك ١٢ ملیۆن یۆرۆ – یۆنان ١١,٥ ملیۆن یۆرۆ – فەرەنســـا ١١,٥ ملیۆن یۆرۆ – ڕوسیا ١٠,٥ ملیۆن یۆرۆ – کرواتیا ١٠,٥ ملیۆن یـــۆرۆ – دانیمارك ١٠ ملیۆن یۆرۆ – ئۆکرانیا ١٠ ملیۆن یۆرۆ - پۆڵەندا ٩ ملیۆن یۆرۆ – ســـوید ٩ ملیۆن یۆرۆ – ئێرلەندا ٨ ملیۆن یۆرۆ – هۆڵەندا ٨ ملیۆن یۆرۆ.

*** پێکهاتەی نموونەیی یۆرۆی ٢٠١٢**

یەکێتـــی تۆپی پێی ئەوروپا پێکهاتـــەی نموونەیی یۆرۆی ٢٠١٢ی ئاشکرا کرد کە زۆربەی یاریزانانی ئیسپانی لەخۆگرتووە، ئەوەش ناوی یاریزانانی پێکهاتەی نموونەییەکەیە:

- گۆڵچـــی: جیان لویجی بۆفـــۆن (ئیتاڵیا) – ئیکەر کاســـیاس (ئیسپانیا) – مانوێل نۆیەر (ئەڵمانیا)


- بەرگری: جیرارد پیکێ (ئیسپانیا) – سیرجیۆ ڕامۆس (ئیسپانیا) – خۆردی ئەلبا (ئیســـپانیا) – فابیۆ کۆنتراو (پورتوگال) – کلیبەر پیپی (پورتوگال) – فیلیپ لام (ئەڵمانیا)

- ناوەڕاست: دانیللی دی ڕۆسی (ئیتاڵیا) – ئەندریا پیرلۆ (ئیتاڵیا) – ســـتیڤن جیرارد (ئینگلتەرا) – زاڤی هێرناندیز (ئیسپانیا) – زاڤی ئەلۆنزۆ (ئیســـپانیا) – ئەندرێس ئەنێســـتا (ئیســـپانیا) – سێرجیۆ بۆسکێتس (ئیسپانیا) – مەســـعود ئۆزیل (ئەڵمانیا) – سامی خزیرە (ئەڵمانیا)

- هێرشبەر: ماریۆ بالوتیللی (ئیتاڵیا) – سیسك فابریگاس (ئیسپانیا) – دیڤید سیلڤا (ئیسپانیا) – کریستیانۆ ڕۆنالدۆ (پورتوگال) – زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (سوید)

*** کاسیاس ١٠٠ سەرکەوتن لەگەڵ ئیسپانیا**

گۆڵچی و کاپتنی هەڵبژاردەی ئیســـپانیا ئیکەر کاسیاس بووە یەکەم یاریزان لەمێژوو کە لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ١٠٠ ســـەرکەوتنی بەدەســـت هێناوە لەکۆی ١٣٧ یاری نێودەوڵەتی، کاسیاس بەبردنەوەی ئیسپانیا لەئیتاڵیا ناوی لەمێژوو تۆمارکرا وەك یەکەم یاریزان کە خاوەن ١٠٠ سەرکەوتنی نێودەوڵەتیە.



ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# خولی زانیاریی ڕاهێنەرانی ناوەندە وەرزشییەکان



هەفتەی ڕابردوو لەهۆڵی ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر، خولی زانیاریی ڕاهێنەران تەواوبوو ئەم خولە ماوەی (٣) ڕۆژی خایاند، وانەکان بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی لەلایەن (د.ئیبراهیم حەمە ئەمین و مامۆستا عەبدولقادر حوسێن) دەگوترانەوە. لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولەکە جێگری بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر(سەردار مەحەمەد) گوتی: بەڕێوەبەرایەتیەکەمان خولێکی بەهێزکردنی زانیاریی بۆ ڕاهێنەرانی (١٧) ناوەندی وەرزشی سنووری پارێزگای هەولێر کردەوە و ماوەی (٣) ڕۆژی خایاند، بۆ ئەوەی توانای ڕاهێنەرەکان بەهێزبکەین لەڕووی ئاست و هەروەها لەڕووی یاسا و شتە هەنووکەییەکانی بواری ڕاهێنەرایەتیی بەشێوەی زانستیانە پێی ئاشنابن، لەم خولە زیاتر لە(٢٤) ڕاهێنەر بەشدارییان تێدا کردبوو.



## هەولێر پلەی سێیەمی گۆڵ بۆڵی عێراقی بەدەستهێنا

لەشاری بەغدا بەسەرپەرشتی لیژنەی پاڕا ئۆلۆمپی عێراقی تایبەت بە وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بە بەشداری هەشت هەڵبژاردەی شارەکانی عێراقی پاڵەوانێتی گۆڵ بۆڵ بەڕێوەچوو کە تایبەتە بە وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت (نابینا) لەم پاڵەوانێتییەشدا کە هەڵبژاردەی شاری هەولێر بەشداری کردبوو بە وەرزشکارانی نابینا کە ئەم یارییە زیاتر یارییەکی هەستیە و زیاتر یاریزانەکان بەهەستەکانیان یاری دەکەن، پاڵەوانێتیەکە ماوەی چوار ڕۆژی خایاند یارییەکانیشی لەناو هۆڵی تایبەت ئەنجامدەدرا، یاریزانانی هەڵبژاردەی شارەکان ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کردو ئەنجامی هەڵبژاردەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

١-هەڵبژاردەی بەسرە
٢-هەڵبژاردەی دیالە
٣-هەڵبژاردەی هەولێر

## تیروپشکی خولی نایابی کوردستان ڕاکێشرا

لەشاری هەولێر لەهۆڵی کتێبخانەی گشتیی هەولێر، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی ئەنجامدا، لەکۆنفرانسەکەش کە تێیدا هەریەك لەسەرۆك و جێگر و ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و نوێنەرانی یانەکانی کوردستان و ڕاهێنەران و ژمارەیەکی زۆر لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان ئامادە بوون، لەکۆنفرانسەکەشدا سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و باسی ئەنجامدانی کۆنفرانسەکەی کردو مەبەستی یەکێتیەکەی ئاشکرا کرد کە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دانانی بەرنامەیەکی باشتر بۆ کاروچالاکییەکانی خولەکانی تۆپی پێی کوردستان بۆ وەرزی نوێ، باشترکردنی کارەکان و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی یەکێتیەکە. پاشان ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە چەندین بابەتی تایبەتیان گفتوگۆ کرد، دواتریش تیروپشکی وەرزی نوێ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان و پلە نایابەکان ڕاکێشرا.

کەبڕیارە یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستان لە١٥ی مانگی ١٠دەست پێبکات و یارییەکانی خولی نایابی کوردستانیش لە١٢ی مانگی ٩دەست پێبکات.

**خولی پلە یەك**

چەمچەماڵ –برایەتی
سەورە-خانەقین
نەورۆز-کۆیە
هەڵەبجەی شەهید –سۆران
ئاکرێ –پێشکەوتن
گارە-شەهیدان
دەربەندیخان –ئاڵا
سیروانی نوێ –ئاشتی
خاك-ئاسۆ

**خولی نایابی کوردستان**

هەولێر-پێشمەرگەی سلێمانی
بروسك-پێشمەرگەی هەولێر
هەندرێن-دهۆك
ئارارات-شێروانە
سلێمانی –کەرکوك
هەڵۆ-زاخۆ
زێرەڤانی –سێمێل



# کچانی شەقڵاوە بوونە پاڵەوانی یانەکانی هەولێر لەتێنسی سەرمێز



هەفتەی ڕابردوو لەهۆڵی داخراوی یانەی وەرزشـــی ئەکاد لەشاری هەولێر پاڵەوانێتی تێنسی سەرمێزی یانەکانی شاری هەولێر بۆ کچان لەسەر ئاستی پێشکەوتووان و بەچکەشێران بە بەشداریکردنی چوار یانە بەڕێوەچوو، ئەویش هەریەکە لەیانەکانی (شـــەقڵاوە، ئـــەکاد، برایەتی، قەڵا) ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتیەکە بەمشێوەیە بوو.

لەسەر ئاستی پێشکەوتووان

١-یانەی شـــەقڵاوە، ٢- یانـــەی ئەکاد، ٣- یانـــەی برایەتی، ٤- یانەی قەڵا.

لەسەر ئاستی بەچکەشێران

١-یانەی ئەکاد، ٢- یانەی شەقڵاوە، ٣- یانەی برایەتی، ٤- یانەی قەڵا.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتیە بەسەرپەرشتی نووسینگەی ئافرەتانی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان بەڕێوەچوو.

# باسکەی سیروانی نوێ سەرکەوت بۆ خولی نایابی کوردستان



لەدرێژەی یارییەکانی خولی باســـکەی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، یانەی ســـیروانی نـــوێ داوی بردنەوەی لەیانەی قـــەڵای تورکمان بووە پاڵەوانـــی خولی پلە یەکەکانی کوردســـتان و ســـەرکەوت بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردســـتان بەهەفتەیەك پێش کۆتایی هاتنی یارییەکانی خولەکە، لەدوایین یاریی خۆشـــیدا لەشـــاری ســـلێمانی لەهۆڵی یانەی پێشمەرگە یانەی ســـیروانی نوێ توانی لەیارییەکی ئاستبەرزدا لەیانەی قەڵای تورکمان بباتەوە بەئەنجامی (٧٣-٤٤)خاڵ، شـــایەنی باســـە ئەم خولە بە بەشـــداری ١٠ یانەی شـــارەکانی کوردستان بوو، یەکێتی تۆپی باسکەی کوردستان سەرپەرشتی دەکرد، یانەی سیروانی نوێ هەشت یاری لەســـەر یەك بردەوە بەم ئەنجامەش گەیشتە خولی نایاب و بووە پاڵەوانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان.

# لە بەرزکردنەوەی قورسایی هەولێر پلەی یەکەمی بەدەست هێنا



بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان و بە بەشـــداری هەریـــەك لەیانەکانی (هەولێـــر، زاخۆ، خاك، بابا گوڕگوڕ، ئاڵتون کۆپری، ئارارات، ســـەرچنار، قەڵا، پێشکەوتن)، پاڵەوانێتی بەرزکردنەوەی قورســـایی یانەکانی کوردستان بۆئاستی تازە پێگەیشتوان لەشاری هەولێر لەهۆڵی بنکەی مەشق و ڕاهێنانی هەولێر بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتیەکەشـــدا یاریزانانی بەشـــداربووی یانەکان کێبڕکێیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی هەشت کێشی جیاواز لە٥٠کگم بۆ+٩٤کگم، دوای پێشکەشـــکردنی ئاســـتێکی بەرز ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

١-یانەی هەولێر ٦٤٨خاڵ

٢-یانەی ئاڵتون کۆپری ٥٦٧خاڵ

٣-یانەی قەڵا ٣٨٧خاڵ